

# دڵنیام

## هۆنراوەی شالاو

ئەوکاتانەی دەنگت وەکو
خوڕەی ئاوی وولاتەکەم
به ناو تەلی تەلەفۆندا
دەگاتە لام
من هەرشەیدام
چرپەی دەنگت مۆسیقایه
نۆتەکانی سەمفۆنیایه
بەلام کاتێ
پەنجەکانم
له پەنجەی تۆوە دەئاڵێن
لەو کاتەدا
زۆر دڵنیام ...